# "شۆڕشی فەرهەنگی" لە کوردستان پێویستە!

*Ayub Rahmani*
*rahmayub@yahoo.de*



کە ئاوا بە چاوێکی ساکارەوە سەیری کۆمەڵگای کوردستان ئەکەیت، ئەبینیت کە هەر وەک هەموو کۆمەڵگایەکی دیکە، خەڵک ژیانی ئاسایی خۆیان دەکەن و سونەتەکانی خۆیان بە جێگا ئەگەیەنن، جێژنە ئایینی و سروشتیەکانیان دەگرن، ژن و ژنخوازی دەکەن هەر بە شێوەی کۆن، مارەیی و تەڵاق هەیە، سەرەخۆشی و ئەسپەردە کردن هەیە و کار و باری ڕۆژانەی خۆیان ئەبەنە سەر و سەرە ڕای هەندێک هەژاری و بێکاری و سانسۆڕ و کەموکووڕی کە ئەبیندرێت، باقیەکەی ساکار و سروشتی وەک زۆر کۆمەڵگای دیکە دێتە بەر چاو. کوردستان وڵاتێکە وەک هەموو وڵاتێکی دیکە پڕە لە جیاوازی بیر و باوەڕ، ئایینەکان، ئایدیۆلۆژی و ئیسم و میسم و ڕێکخراوە جۆراوجۆرە سیاسی و مەدەنیەکان و ئەمانەش هەموو شتێکی عادی و سروشتیین لە کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکاندا. مرۆڤ بۆیە جیاوازە لە زیندەوەری دیکەی سەر زەوی، بۆ ئەوەی کە بیر دەکاتەوە، چاکە و خراپە لێک ئەداتەوە و بەرژەوەندیەکان ئەخوێنێتەوە و بۆ خۆ پێگەیاندن شوێن خوێندن یا دەسەڵات و هێز و سەروەت ئەکەوێت و بۆ ئاڵ و گۆڕ پێک هێنان شوێن ئیسمەکان و ئایدیۆلۆژیەکان ئەکەوێت. کەواتە هەموو ئەمانە سروشتین و بوونیان ئیرادی نیە. ئەمانە کاتێک ئیراد پەیدا دەکەن کە مرۆڤەکانی وڵاتێک بەرژەوەندیە گشتیەکان لە بیر خۆیان ئەبەنەوە یا لە بیریان براونەوە و تەنیا شوێن شتە بچکۆلەکان و بەرژەوەندیە تاکە کەسیەکان ئەکەون. ئەمە فەرهەنگێکە کە لە بنەڕەتەوە هەڵەیە، چوونکو هەر دووک لایەنی بەرژەوەندیەکان گرنگن و بگرە بەرژەوەندی گشتیی زۆر لە بەرژەوەندیە بچکۆلە تاکە کەسیەکان بەرزتر و گرنگتر و پێویستترە، لە بەر ئەوەی کە پێشکەوتنەکان، ئاسایش، گەشە، دێمۆکڕاسی و ئازادی و هۆویەتی نەتەوەیەک بە تاکە کەسەکانەوە ناناسرێتەوە بەڵکو بە کۆمەڵگاکەیەوە ئەناسرێتەوە. هەر بۆیە کە لە هەموو کۆمەڵگایەک هەوڵەکان بۆ پێش خستنی هەموو کۆمەڵگاکەیە و شانازیەکان بۆ هەمووانە. ئەگەر لە کۆمەڵگایەکدا چەند حیزبی سیاسی یا مەدەنی بوونیان هەیە، ئەوا هەوڵەکانیان بۆ هەموو کۆمەڵگایە و نەک تەنیا بۆ ڕێکخراوەکەی خۆیان و هەر کامەیان هەوڵ دەدەن کە ڕێکخراوەکەی ئەوان کۆمەڵگا بە باشترین شێوە بەرەو پێشەوە ببات، جا ئێستا سۆسیالیست بن یا لیبڕاڵ و هیدیکە. ئەمە لە حاڵێکدا کە لە کوردستان حیزبەکان بەرژەوەندی خۆیان لە هەموو شتێک بە لاوە گرنگترە و هەر ئەوەش کە ناتوانن بۆ بەرژەوەندیە گشتیەکانی خەڵکی کوردستان لە دەوری مێزێک پێکەوە کۆببنەوە و گووتارێکی هاوبەش پێک بێنن و بە پێچەوانە هەر کامە بە تاقی تەنیا بەیاننامە دەر دەکات و بە لێکدانەوەی جیاواز و تاقە تاقە دەر ئەکەون و یەکیان تێکەڵ پانئێرانیستەکان و یەکی دیی تێکەڵ حیزبە سەرانسەریەکان و دووانی دی ماتڵی چارەنووسن و زۆر بەسەرسووڕمانەوە ئەتوانم بڵێم کە ئەم دیاردەی حیزب و ڕێکخراوە پەرەستییە لە کوردستان بە هۆی کولتورێکی فێئۆدالی و بنەماڵە چییەتی کە هێشتا بوونی هەیە و ڕیشەی داکوتاوە زۆر باوە، کە دیارە پێشتریش زۆرم لەمبارەوە ڕەخنە گرتووە. لە کوردستان هەوڵەکان ب داخەوە بۆ هەموو نەتەوەکە نیە، ئەگەر چی ئیدیعایشی بۆ دەکەن بەڵام لە کردەوەدا وەک وترا هەوڵەکان بۆ حیزبەکانن و هەندێک جاریش تەنیا بۆ بنەماڵەکانن! کەواتە بەرژەوەندیە گشتیە نەتەوایەتیەکان لە کوردستان بە ئەنقەست فیدای بەرژەوەندیە بچووکەکان دەکرێن و ئەمە خۆێ ڕیشەی لە فەرهەنگی کوردەواریدا داکوتاوە و بۆ ئەوەی لەمەو بە دوا لە کوردستان بیر لە بەرژەوەندیە نەتەوایەتیەکان بکرێتەوە، پێویستە ئەو ڕیشە کولتوریە کۆنانە هێرشیان بکرێتە سەر و ڕەخنەیان لێ بگیردرێت و بۆ ئاڵ و گۆڕ و نوێکاری لە کۆمەڵگا پێویستە کە ئێمەی تاکە کەسەکانی کوردستان ئاڵ و گۆڕ و نوێکاری لە شێوەی بیرکردنەوەکانی خۆماندا پێک بێنین. ڕەخنە و هێرش بکەینە سەر ئەوانەی پەرە بە فەرهەنگی کۆن و بنەماڵەچیەتی و کاریزماسازی و بوتپەرەستی ئەدەن و بە ناوی ڕێکخراوەی سیاسی، دەروێش و سۆفی لە خۆیان کۆ دەکەنەوە!

بۆ پێک هێنانی ئەو ئاڵ و گۆڕە بنەڕەتیانە، کوردستان پێویستی بە شۆڕشێکی فەرهەنگی هەمەلایەنە هەیە و بۆ ئەوەی کە وەک یەک نەتەوە بیر بکەینەوە، بۆ ئەوەی کە لە بنەڕەت و ڕیشەی فێئۆدالی و عەشیرەگەرایی بدەین، بۆ ئەوەی کە کۆتایی بە دیاردەی نامووس پەرەستی و ژن کوشتن بێنین، بۆ ئەوەی کە منداڵانمان بە ڕۆحی گەورەوە پەروەدە بکەین، بۆ ئەوەی کە پێش بکەوین، بۆ ئەوەی کە کەرەستەسازی بکەین، بۆ ئەوەی کە گەندەڵی نەهێڵین و زۆر ئاڵ و گۆڕی دیکە، پێویستە کە ئەو دیاردە و هۆکارە کۆنەخوازانە کە ڕیشەیان لە کۆمەڵگاکەمان داکووتاوە بگۆڕین و بۆ پێک هێنانی وەها ئاڵ و گۆڕێکی بنەڕەتی و ڕادیکاڵ، پێویستە کە یەکە بە یەکەی هەموومان بەشدار بین و لە پێشدا لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین! زۆر زۆر گرنگە کە ئەندامانی حیزبەکان بەم ئاکامە بگەن و لە خۆیان بپرسن کە ئەرێ بۆچی من بە جێگای ئەوەی کە بیر لە حیزبێک دەکەمەوە یا بیر لە سەرۆکی حیزبێک بکەمەوە، بیر لە یەک وڵات یا یەک نەتەوە ناکەمەوە؟ هەر کەس بەم پرسیارە بگات و وڵامی شیاو بە دوور لە تەعەسووبی حیزبی و ڕێکخراوەیی پێ باتەوە، ئەوا کۆمەڵگا بەرەو ئاڵ و گۆڕ هەنگاو هەڵدەگرێت. کەواتە ئێمە ئەی تاکی کورد با خۆمان بە کەم نەزانین و زۆر باش بزانین کە تەنانەت بیرۆکەیەکی وەها بچکۆلە لە مێشک و فیکر و هزرماندا، کۆمەڵگا بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ بەرەو پێشەوە ئەجوڵێنێت، تەنیا گرنگ ئەوەیە کە ئەو ئاڵ و گۆڕە فیکریە بەس بە ئێمەوە کۆتایی پێ نەیات بەڵکو ئێمەش بیگەیەنین و نەقڵی کەین بە کەسانی دیی یا بە قەولی فارس مونتەقیل و تەزریقی (منتقل و تزريق)ی کەین بە دەور و بەرمان، ئەبینین کە زۆر شت ئەگۆڕێت!! هەر ئەم کۆچبەریانە و پەنابەریانە بۆ ڕۆژئاوا، توانیویەتی زۆر کەلەپووری باش لە ناو مێشکی کوردەکاندا دروست بکات و بیانگۆڕێت، بەڵام ئەی ئەو چل میلیۆن کوردەی کە لە ناوەوە ئەژین چۆن بگۆڕێن؟ دیارە هەر لە ڕێگای ئەم شۆڕشە فەرهەنگیەوەیە، ئەگەر چی سەتەلایت و ئینتێرنێتیش ڕۆڵی زۆر بەرچاویان لەم چەند ساڵانەی ئەخیردا گێڕاوە و ئاڵ و گۆڕیان پێک هێناوە، بەڵام هەندێک شت هەن کە ڕیشەی کۆمەڵایەتیان داکووتاوە و ئەوانە پێویستە کە بە گۆڕینی فیکری تاکە تاکەکان بگۆڕدرێن!

یەک لەو بیرۆکانەی کە ئێمە ئەبێت لە ناو مێشکی خۆماندا بیگۆڕین، دیاردەی خۆ بە کەم زانینە. خۆ بە کەم زانین لە کوردستاندا ڕیشەیەکی پتەو و قوڵی داکوتاوە و ئەوەش بە هۆی بندەستە بوونی گەلی کوردستانەوەیە کە لە تویی دەیان ساڵ بندەستە ڕاگیران و داگیرکردنی نیزامیی نیشتیمانەکەی و بە بێ ویستی خۆی و بە نائاگا توشی ئەم دیاردەیە کراوە. زۆرینەی کورد بە داخەوە ئەمڕۆ خۆی بە کەم ئەزانێت، زمانی خۆی بە کەم ئەزانێت، کولتوری خۆی بە کەم ئەزانێت، بە تایبەت لە ئاست نەتەوە داگیرکەرەکانی کوردستاندا ئەمە بەر چاوە و ئەمە لە تاکە کەسەکاندا زۆر بە جوانی دەر ئەکەوێت و خۆی ئەنوێنێت، تەنانەت لە ناو ڕۆشنبیراندا ئەمە ئەبیندرێت! بە

www.kungfutoa.ch/ayub.rahmani
www.3n1m.blogspot.com

خۆشیەوە خەڵکی کوردستان بەو هەموو سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنەی کە بە سەریاندا سەپاوە، بەڵام خوێن و هەستیی کورد بوونیان هەمیشە تێدا بووە و ئەم هەستەیان تێدا نەمردووە و تەنانەت لە سەختترین سەردەمەکاندا کە نەشیان وێرابێت بە کوردی بدوێن یا جلی کوردیان لێ قەدەغە کراوە، بەڵام هەستەکەیان هەر تێدا بووە و زانیویانە کە ئەوان بە هۆی کورد بوونیانەوە تووشی ئەو ئازار و گرفتانە دەبنەوە! گەلی کوردستان بە خۆشییەوە لەم ساڵانەی ئەخیردا چاو و گوێیان زیاتر کراوەتەوە، مافەکانی خۆیان باشتر ئەناسن، غووروری نەتەوایەتیان هەندێک گەشەی کردووە و ئەمانە بەڵام هێشتا نەگەیوونە ئەو ئاستەی کە ببێتە زۆرینە و هێشتا بە داخەوە لە کەمایەتیدایە و بۆ ئەوەی کە زۆرینەی ئەم گەلە وەک یەک نەتەوە بیر بکاتەوە، هەم پێویستیمان بە کاتی زیاتر هەیە و هەمیش بە ئاڵ و گۆڕێکی بنەڕەتی فەرهەنگی و پێویستە هۆکارەکانی ئەو هزرە خۆ بە کەم زانینانە وشک بکەین و گەلێک ئاڵ و گۆڕ و نوێکاری فەرهەنگی لە خۆماندا پێک بێنین. بە داخەوە وەک لە سەریشەوە باسم کرد لە سێ دەیەی ڕابردوودا حیزبایەتی و پەرەدان بە حیزبپەرەستی ڕۆڵێکی کاریگەری لەم خۆ بە کەم زانینانەدا بینیوە و بۆ نموونە پەیدا بوونی حیزبی کومونیستی سەرتاسەری هەتا ئەمڕۆکەش ئەو زەهرەی خۆی هەر بڵاو ئەکاتەوە و لە کوردستان ئەوەی خۆی بە کومونیست زانی ئیتر وا فێر ئەکرێت کە پێی شەرم بێت خۆی بە کورد بزانێت یاخۆ بە کوردی بنوسێت و بخوێنێتەوە. ئەم دیاردە بە تایبەت کاتی دروست بوونی ڕێکخراوەی کومونیستی کرێکاری بەو پەڕی خۆی گەیشت و هەندێک لە ئەندامانی ئەو حیزبە هێندە تووشی مەبدەء پەرەستی خۆیان و هەستێکی هیستیریزم لە دژی کورد بوبونەوە کە بە ناشیرینترین شێوەکان هێرشیان دەکردە سەر تەنانەت خواردەمەنی و جل و بەرگ و هەڵپەڕکێی کوردیش و ئەمە لە هیچ ئایین و مەبدەءێکدا ڕاست نیە کە ئابەم شێوە قێزەونانە هێرش بکرێتە سەر نەتەوەیەک! ئەمە لە حاڵێکدا هەندێکیان بۆخۆشیان کوڕ و کچی، دایک و بابێکی کورد بوون بەڵام خۆیان لە کورد بوون بێ بەری دەکرد(*تێبینی) و بە خۆشیەوە لە ناو ئەوانیشدا ئەمڕۆ بەشێکیان لەو ڕابردووەیان پەشیوانن و یا هیچ نەبێت وەک ئەوکات فوندامێنتال نەماون!! مووی ئەم ماستە لەوێدا بوو کە ئەم جەماعەتە لە ئێرانیبووندا و لە فارسی بووندا کێشەیەکیان نەبوو، لە حاڵێکدا کە ئەگەر مادام جیهان وەتەنیش بیریان بکردایەتەوە، ئەوەڵەن شۆخییان بە نەتەوەیەکی بندەست ڕاگیراو و چەوساوەی وەکو کورد نەدەکرد و بگرە پشتیوانیشیان دەبوو لێ بکردایە، هەر وەک ئیدیعایان دەکرد کە پشتیوانی چەوساوەکانن و گوایە مرۆڤ لە ناوەڕاستی تێڕامانی ئەواندایە و هەر وەک چۆن پشتیوانییان لە فەڵەستینیان دەکرد و ئەوانیان بە مرۆڤ دەزانی، دەبوو حیسابی مرۆڤییان بۆ کوردیش بکردایە و مافی سەربەخۆییان بۆ کوریش بە فەرمیی بناسیبایە و هاوکات دەبوو لە دژی فارسی بوون و ئێرانی بوونیش بوەستانایەوە مادام جیهان وەتەنیی بوون، بەڵام هەر دووک دیاردەکەیان مەشکووک بوو، هەم دژایەتی گەلێکی بندەستە و هەمیش غووروری ئێرانی بوونەکەیان!!! (*تێبینی: کورد بوون هیچ شانازییەکی زیاتر لە نەتەوەی دیکە نیە هەر وەک فارس بوون و ئاڵمانی بوون و تورک بوون و ئەمریکایی بوون و هیدیکەش زیاتر لە کورد بوون نین و هەموو مرۆڤین، بەڵام حاشا کردن لە نەتەوەی چەوساوەی خۆت و خۆ هەڵواسین بە نەتەوەیەکی داگیرکەرەوە کە لە ئێستا و ڕابردوودا هەموو شتێکی تۆی نەفی و نابوود کردووە و دەیکات، شەرمە و جێگای تێڕامان و گاڵتە پێکردنە!!) یا هەر هیچ نەبێت هەمووی بە یەک چاو ببینە و کەس زیاتر لەویتر نەبێت و ئەمەش تەنیا لە قسەدا نا، بەڵکوو بە کردەوە و تێڕامانیش هەر وا بیت!

بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە بە دیاردەی خۆ بەکەم زانین پێویستە هەر لە منداڵییەوە دەست پێ بکرێت. بۆ نموونە لە وڵاتانی جیهان، لەوانەی کە ئازاد و سەربەخۆن زۆر گرنگی بە منداڵان و لاوان و تازە پێگەیشتوانی کۆمەڵگاکەیان ئەدەن، لەبەر ئەوەی کە لاوان بە داهاتووسازان ناسراون و وەک ئەزانین ژیان تا سەر بۆ کەس نیە، هەر مرۆڤێک ماوەیەک تەمەن دەکات و ئیتر ئەوەی پێکی هێناوە و ئەوەی دەستی کەوتووە و ئەوەی خوڵقاندوویەتی و ئەوەی کۆی کردۆتەوە، هەر لە ماڵ و سەروەت و لەهەموو گرنگتر، ئەزموونە بە نرخەکانیەوە دەبێت هەموویان بە جێ بێڵێت و بیانداتە دەست لاوانی پاش خۆی و ئەوانەی لە ژیاندا ماون و باشترین ڕێگا بۆ نەقڵی ئەو ئەزموونانە نووسینەوەیانە. کەواتە منداڵان و لاوان لە کۆمەڵگاکاندا پێویستە زۆر گرنگییان پێ بدرێت. لە وڵاتانی ڕۆژئاوا زۆرترین بەها بە منداڵان و لاوان ئەدرێت و هەوڵ ئەدەن کە منداڵان و لاوانی کۆمەڵگاکەیان لەوپەڕی ئەمنیەتدا بژین، تا ئەو جێگایەی بۆیان بکرێت.

خاڵێکی دیکە کە زۆر گرنگە ئیعتیماد و باوەڕ بە خۆ دروست کردنە لە ناو منداڵان و لاواندا. ئەگەر لاوێک توانایی وەرزشی تێدا بێت، ئەوا کاری لە سەر دەکەن کە ئیستیعدادەکانی شکۆفا بکەنەوە و ئەهمییەتی پێ دەدەن و هەر بەو منداڵییە ڕێزی لێ دەگرن و ناسناوی وەرزشوانی لێدەنێن بۆ ئەوەی وزەی موسبەتی بدەنێ کە درێژە بە ڕێگاکەی بدات و تەشویقی دەکەن و ئەگەر بکرێت ئیمکاناتی بۆ ئەڕەخسێنن، نەک وەک لای خۆمان ڕاوی بنێن و ساردی بکەنەوە و مەجبووریکەن بە واز هێنان، چوونکو کە وازی هێنا کۆمەڵگا وەرزشوانێکی لە کیس خۆیداوە کە دەیتوانی سبەی ڕۆژ ببێتە پاڵەوانێک کە ئاڵای وڵاتەکەی بەرز ڕادەگرێت! یا ئەگەر لاوێک لە ڕۆژئاوا شیعرێک یا چەند شیعر بخوڵقێنێت پێی ئەڵێن شاعیری لاو و دەعوەتی دەکەن بۆ تلویزیۆنەکان و لە ڕۆژنامەکان وەک شاعیر ناوی لێ ئەبەن و شیعرەکانی بڵاو ئەکەنەوە و تەنانەت لێی ئەکڕن، لەبەر ئەوەی کە ئەو ئیعتیمادە لەودا بخوڵقێنن کە بە خۆی بڵێ هەموو کەس بە من ئەڵێن شاعیر، کەواتە من شاعیرم و مادام من شاعیرم وەزیفەمە کە شیعری زیاتر و باشتر بۆ ئەو خەڵکە بنووسم و ئەمە توانایی و ئیستیعدادی منە و خەڵکیش ڕێزم لێ دەگرن، کە دیارە بە درێژەدان بە نووسینەوەی شیعر، فەرهەنگی ئەدەبی ئەو کۆمەڵگا و زمانی ئەو کۆمەڵگایە گەشە دەکات. یا ئەگەر لاوێک لە فیلمێکدا بەشداری بکات یا لە شانۆیەکدا یا خۆ نیگارێک بکێشێتەوە یا وتار و چیرۆک و پەڕتوک بنووسێت، خێرا ناسناوی لێ دەنێن و ئەو ئیعتیمادە لە ناویدا دروست دەکەن کە شەرم نەکات، بەڵکو درێژە بە کارەکەی بدات، تەشویقی دەکەن و ورەی بەرز دەکەنەوە. هەر ئەم نموونانە لە کۆمەڵگای کوردستاندا زۆر بە پێچەوانەن بە داخەوە! بە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگای ئێمە خاوەنی ئەو ڕوشتە فەرهەنگیە نیە و شاعیرانمان لە لاوی و منداڵیدا هەتا پیر نەبوونە و سەریان سپی نەبووە، پێیان نەوتوون شاعیر یا نووسەر یا سیاسەتمەدار یا هونەرمەند، هەر بۆیە بۆخۆیان شەرم دەکەن ئەو ناسناوەی کە شیاوی خۆیانە لە خۆیان بنێن و هاوکات و مادام هێندە لەسەر خۆیان سەختگیری کراوە و ئەمانیش خۆیان ئامادە نین ئەو ناسناوە بە سانایی بە لاوەکان و تازە پێگەیشتووان بدەن و گەلێک جار ئەمانیش بۆخۆیان شۆخی بە لاوان دەکەن، هەر وەک چۆن شۆخی بە خۆیان کراوە! ئەگەر لاوێک شیعرێک بنووسێت، هەزار ئیرادی لێ دەگرن و پێیێ دەڵێن کووا تۆ شاعیریت یا کووا تۆ ئەبیتە شاعیر! لە حاڵێکدا کە دەبێت ورەی بدەنێ، ئەوەیشی کە هەیەتی لێی دەستێننەوە و بە داخەوە وای لێ دەکەن کە ئیتر بە لای شیعر نووسیندا نەڕوات و لە ئاکامدا کۆمەڵگاکە ئیستیعدادێکی فەرهەنگی لە کیس خۆی دەدات! هەندێک جار من ئەبینم لە سەر تلویزیۆنەکان کەسانێک کە تەنانەت بە ناو بانگیشن، دێن و باسی ئەوە دەکەن کە ئەوان تا ئێستا چەند پەڕتووکیان نووسیوە و ئێستایش پەڕتووکی دیکەیان بە دەستەوەیە و خەریکە تەواوی دەکەن، بەڵام سوێند و قوڕئان بۆ خەڵک و بینەرانی ئەو کاناڵە دەخۆن کە ئەوان هەرگیز خۆیان بە نووسەر نەزانیوە و بە نووسەر نازانن!! پرسیار ئەوەیە لەو بەڕێزە، ئەی کێ ئەو کتێبەی نووسیوە کە باسی دەکات؟ مەگەر خۆی نەی نووسیوە؟ دەی کەواتە لە هەر کوێ کەسێک شتێک بنووسێت، نووسەری ئەو دەقە یا ئەو چیرۆک و وتارە یا ئەو پەڕتووکە ئەو نووسەرەیە کە نووسیویەتی، ئەی بۆ شەرم دەکات لەوەی کە بڵێت من نووسەری ئەو پەڕتوکەم؟ بۆ ئەو ئیعتیمادەی بە خۆی نیە کە خۆی بکاتە خاوەنی ئەو شتەی کە خۆی

www.kungfutoa.ch/ayub.rahmani
www.3n1m.blogspot.com

نووسیویەتی؟ بۆ نایەوێت بەرپرسیارەتی نووسراوەکەی خۆی لە ئەستۆی خۆی بگرێت؟ دۆستێکم کە لەمبوارەدا قسەم لەگەڵ دەکرد، وتی ئاخر با خەڵک پێی نەڵێن کە خۆی پێوە هەڵ ئەکێشێت!! منیش وتم ئەگەر شتێک شایانی خۆ پێوە هەڵکێشان بێت، ئەی بۆ نایکات و ئەم فەرهەنگە خۆبەکەم زانینە چیە لە کوردستان و بۆچی ئێمە نایەین ئاڵ و گۆڕێکی فەرهەنگی لە خۆماندا پێک بێنین و هەم وره بە لاوەکانمان بدەین و ناسناوی شاعیر و نووسەر و هونەرمەندیان هەر لە سەرەتای لاویاندا و لە سەرەتای دەست پێ کردنیان پێ بدەین، بۆ ئەوەی ئەم ئیعتیماد بە خۆ بوونەی تێدا زیاد بکەین و هەم ورەی بدەینێ و تەشویقی بکەین بەوەی کە کاری جوانتر بکات و وزەی موسبەتی هەر لە سەرەتاوە بدەینێ، با بە نابەدڵی و نیوە ناچڵی کار نەکات یا خۆ با واز لە کارەکەی نەهێنێت، چوونکە کە وازی هێنا، کۆمەڵگا شاعیرێک یا نووسەرێک یا هونەرمەندێکی لە کیس ئەچێت و بۆ پێگەیاندنی لاوێکی دیکەی وەک ئەو، کۆمەڵگا لانیکەم دوو دەیەی لە کیس چووە و ئەمە خۆی ڕێگرە لە بەردەم گەشەی فەرهەنگیی و گەشەی زمانی کوردی و کتێبخانەی کوردی!! هاوکات کە ئەو لاوەش گەورە بوو و پیر بوو ئیتر شۆخی بە لاوەکانی کاتی خۆی ناکاتەوە، هەر وەک ئێستا پیرکانی ئێمە شۆخی بە لاوان دەکەن، بۆیە شۆڕشی فەرهەنگی پێویستە، بۆ ئەوەی هەڵەکانی ئێستا لە داهاتوو دوپات نەبنەوە!

من بۆخۆم ئەزموونی ناخۆشم لە بواری نووسین و تەنانەت وەرزش و سیاسەتیشدا هەیە و بە جێگای ئەوەی کە ورە وەربگرم بۆ ئەوەی زیاتر بنووسم یا زیاتر وەرزش بکەم یا جدیتر سیاسەت بکەم و خۆم لە چارەنووسی نەتەوەکەمدا تێکەڵ بکەم کە منیش ئەندامێکی ئەو نەتەوەم و چارەنووسی نەتەوەکەم، خۆبەخۆ لە چارەنووسی منیشدا تەئسیری دەبێت، بەڵام هەندێک جار مەنع کراوم! هەندێک کەس تانە و تەشەریان لێ داوم کە خۆم بە وەرزشوان یا سیاسەتمەدار یا نووسەر ئەزانم! جارێک برادەرێک نامەی بۆ ناردم کە واز لە نووسین بێنم، وشەی فارسی زۆر بە کار دێنم و برادەرێک تەلەفوونی بۆ کردم و وتی هەر ماوەیەک ئەنووسیت و ئیتر واز دێنیت، بە جێگای ئەوەی بیانگووتایە دەست خۆش درێژە بە کارەکانت بدە و وزەت بدەنێ، بەڵام وزەت لێ دەستێنن یا خۆ وزەکان زۆرتر بە مەنفیی پێت دەگەن تا بە مووسبەت! دیارە ئەوانەی من لە منداڵیەوە و لە لاویمدا ئەناسن، ئەزانن کە من تەنانەت لەو کاتانەشدا کە بچووک بووم هەرگیز گوێم لەوانە نەگرتووە و هەر بۆیە دایمە ڕێگای خۆم پێواوە، بەڵام مەنع کردنەکانی ئەوان کاریگەری مەنفی خۆیان هەر بووە و دەکرا وانەبوویایە، بەڵام بێ شک کەسانێک هەن کە ئەگەر یەکجار پێیان بڵەیت واز بێنێت، ئەوا ئیتر ئەویش دەست هەڵ ئەگرێت و ئەمەش زەرەرێکە کە لە کۆمەڵگا و لە گشتمان ئەکەوێت! ئەمانە ئەگێڕمەوە بۆ ئەوەی بزانین کە شێوەکانی دەست پێ هەڵگرتن یا خۆ تەریق کردنەوە لە کۆمەڵگای ئێمە چلۆنن و کە دیمان هەستییان پێ بکەین. لە شوێنێک لە سەرەخۆشی بووم، بە لای مێزی دوو برادەری سیاسی کە ساڵیانێکیش پێشمەرگە بوون تێدەپەڕیم، لە پێشدا زۆر بە گەرمی سڵاو و ئەحواڵپرسیانم کرد و دەستم لەگەڵ لێدانەوە و کە تێپەڕیم، یەکیان لە پشتمەوە بە ئەسپایی بە برادەرەکەی دیکەی وت، ئەشا ئێمە چەن قوڕبەسەرین، کێ نووسەرمانە، مەبەستی من بوو، منیش نەمکردە نامەردی و کەسایەتیشیم دەناسی، هەر بۆیە بە دەنگی بەرز بۆ ئەوەی هەموو کەس گوێی لێ بێت پێم وت، ئەگەر تاریفی حیزبەکەت و سەرۆکەکەت بکەم، ئێستا لە مێژ بوو تاجی سەرت بووم!! جا لێرە وەک وتم مەبەستەکە من نیم بەڵکوو کۆمەڵگا و ئاڵ و گۆڕی فەرهەنگییە و ئالێرەوە بۆمان دەر ئەکەوێت کە تا ئەو برادەرە سیاسیە کۆنە پێشمەرگە و زۆری دیکەش مێشکی خۆیان نەگۆڕن، کۆمەڵگایش ناگۆڕێت و کەسانێکیش هەن کە پێویستیان بەو جۆرە مێشکە کۆنانە هەیە و هەر بۆیە ڕایان ئەگرن و پەرەیان پێ ئەدەن و بە جێی ئەوەی کە لاوان فێری باوەڕ بە خۆ بکەن و فەرهەنگی جوان و نوێ و شیاو لە نێو مێشکیاندا بکێڵن، فێری ئەم سۆفیگەریەتیە و خەڵک بە هیچ نەزانینەیان دەکەن و ئەو جۆرە مێشکانە دواتر بە زەحمەت ئەگۆڕدرێن و هۆکاری چەق بەستنی کۆمەڵگا لە زەلکاوی دواکەوتووی هەر ئەمانەن!!

لە سەرەوە باسی دیاردەی خۆ بە کەم زانین و باوەڕ بە خۆ بوون یا باوەڕ بە خۆ نەبوون و هەستی بەرپرسیارەتی لە ئاست ئەو شتەی کە دەیڵێین یا دەینووسین و هاوکات باسی حیزب پەرەستیی و ڕێکخراوە و مەبدەء پەرەستیشم کرد و هەموویانم خستە بەر هێرش و تیشکی ڕەخنە و دیارە بۆ شۆڕشێکی فەرهەنگی تەنیا ئەمەندە بەس نیە بەڵکو زۆر بواری دیکەی ناو کۆمەڵگا ئەبێت ڕەخنەیان لێ بگیردرێت و هەنگاوی بە کردەوەیان بۆ هەڵبگیرێت و سیمیناریان بۆ ساز بکرێت و لە تلویزیۆنەکان باسیان لیوە بکرێت و بەڵام باس کردن لە هەموو بوارەکان لەم وتارە کورتەدا جێگای نابێتەوە و پێویستە هەنگاوی گەورەتری بۆ هەڵبگیرێت، بەڵام لێرە تەنیا بەوەندە باسە قەناعەت دەکەم، لەگەڵ ئەوەدا کە دەزانم زۆر کەلێنی فەرهەنگی لە کوردستاندا هەن کە پێویستە بخرێنە بەر تیشکی ڕەخنە و گلەیی و گازندە!

لە کۆتاییدا بە پێویستی ئەزانم باس لەوە بکەم کە من لە دژی ئەوە نیم کە یەکێک باوەڕی بە چی هەیە یا باوەڕی بە چی نیە و پێم وایە کە مرۆڤ باوەڕی بە هەر شتێک هەبێت، ئەوە مەسەلەی تاکە کەسیی خۆیەتی و خۆزگە هەر مرۆڤێک ئەوەندەی باوەڕی بە مەبدەئێک هەیە، جا ئایین بێت یا هەر شتێکی دیکە، ڕێک ئەوەندەش باوەڕی بە خۆی وەک مرۆڤ و بە ئازادی خۆی بوویایە و باوەڕی بەوەندە بوویایە کە هەموو مرۆڤێک مافی ئازادی و سەربەخۆیی و ئاسایش و سەرفرازی هەیە تا ئەو ڕۆژەی کە لە ژیاندایە. تەنیا لەم حاڵەتەدایە کە باڵانسێک لەو کەسەدا دروست دەبوو و ئەو باڵانسە ڕێگر دەبوو لەسەر ئەوەی کە تووشی تەعەسووبی زیادە ببێتەوە!! لە شوێنی دیکەش باسم کردووە، کە ئەوەی من بۆ سەربەخۆیی گەلی کوردستان و وڵاتی کوردستان پێداگری لەسەر دەکەم، تەعەسووب نیە، بەڵکو مافی مرۆڤە و پێم وایە کە گەلی کوردستان تەنیا بە سەربەخۆیی سیاسی و ئیقلیمی و جوگرافیایی ئەتوانن وەک مرۆڤ ئازاد و سەربەست بن و بێجگە لە سەربەخۆیی هیچ ڕێگا چارەیەکی دیکە ناتوانێت ئەو ئازادییەی کە شایانی مرۆڤە بە گەلی کوردستان ببەخشێت و قازانجی فیدراڵی و خودموختاری و ئەمانە تەنیا ئەچێتە گیرفانی جەماعەتێک و بەرژەوەندی ئەوان ئەپارێزێت و شایانی لێکۆڵینەوە لە دادگایەکی نەتەوەییدایە. بەرژەوەندی گشتیی و پێشکەوتنی گشتیی تەنیا لە هەست بە نەتەوە بووندایە و هەرکات بەرژەوەندیی نەتەوایەتی بوو بە باوەڕی تاک تاکی گەلی کوردستان بە هەر بیر و بۆچوونێکەوە کە هەیانە، ئەوا گەلی کوردستان هەم گەلێکی ئازاد و سەربەخۆ دەبێت و هەم لە هەموو بوارەکاندا گەشە دەکات و بۆ گەیشتن بەو گەشە و ئازادیە، پێویستە کە ئێمە هەر لە ئێستاوە لە بیری شۆڕشێکی فەرهەنگیدا بین و واز لە فەرهەنگی کۆنی فێئۆدالی گەری و هاوکات واز لە ئێرانیچیەتی و ئێراقیچیەتی و تورکچیەتیش بێنین و لە گەڵ ڕێزمان بۆ هەموو نەتەوەیەکی دیکە، بەڵام خۆشمان بە باوەڕێکی قووڵ بە تواناییەکانی خۆمان و بە زۆربوونی خۆمان، ئازادی لە سەربەخۆییدا ئەبینینەوە و سەربەخۆیش لە شۆڕشێکی فەرهەنگیدا وەدەست دێنین کە هەموو باوەڕمان بە خۆمان وەک مرۆڤی ئازاد و وەک نەتەوەی ئازاد هەبێت!! کەواتە با ئیتر نەڵێین بژی ئازادی و سەربەخۆیی، بەڵکوو بڵێین بژی مرۆڤی ئازاد و مرۆڤی سەربەخۆ لە وڵاتێکی ئازاد و سەربەخۆدا!!

١٤ی سەرماوەزی ٢٧٠٩